# شمشێری ژن
# شمشێری تەسلیم بوون

قوبادی جەلی زادە

**ژن** ،

نەیهێشت لە لیژنەی ئیغتیالاتی حزبێکی خەباتکێرا

قارەمانێکی جەربەزەبم .

**ژن** ،

نەیهێشت  مامەریشەیەکی تر بم ولە گۆڕەپانی شارێکدا ،

کۆتەڵێک بۆ ئازایەتیم دابتاشم !

**ژن** ،

دەممی لەناو دەمی خۆیدا زیندە بەماچ کرد ، مەودای نەدام

لە خۆنیشاندانێکی خوێناویدا    ،

ووتافێک بۆ پەرەسێلکەکانی ئازادی

بکێشم !

**ژن** ،

لەرەووزە داخراوەکانی مەمکیدا ، دەستە بزێوەکانی

لیَ زەوت کردم

مەودای نەدام ،

پەنجە زبرەکانی فیداکردن ، بۆ ئەلقەیەکی سرِی

نارنجۆکێکی دڵگەرم درێژ کەم .

**ژن** ،

ئەوەندە بە کفنی سەوزو سوورەوە سەمای بۆ کردم ،

تا مێرگە رەنگینەکانی وەتەن و

رەنگە گەرمەکانی بەیداخی لەبیر بردمەوە !

**ژن** ،

ئەوەندە سترانە ئاگرینەکانی جووت بوونی بۆ چرِیم ،

رێی نەدام

پەردەی گویَ سوکەکانم  ، بۆ سروودە سوورەکانی نیشتمان

هەڵبخەم !

ژن ،

ئەوەندە بسک و کەزی لە گەردنیٚ ئالآندم ، بەوە رانەگەییم

لەبەردەم پەتی سێدارەیەکدا ،

تفففف لە بیچمی ، جەللادە رەنگپەڕیوەکەم بکەم !

ژن ،

بەسەر حەزەکانی رۆحمەوە بوو بە جاسووس ، نەموێرا

دەمەو ئێوارەیەکی پەمەیی ،

قومێک ئاو لە کانیلەیەکی عازەبدا بخۆمەوەو

لەگەڵ درەختێکی بێوەژندا ،قەدەمێک لیٚ بدەم !

ژن ،

نەیهێشت چلوە شەوێکی کانوون لە نێو لینگی گەرم و گوڕی بترازێم و

سینگی شار بە گوڵە پۆستەری شەهید

بنەخشێنم !

ژن ،

لە زرێبارە قووڵەکانی چاویدا کردمی بە ماسی .. ئیدی بۆم نەکرا

لە هەنیەی گاشە بەردێکی چیادا ،

شیعریٚ بۆ بەفروو سەنگەرێک بۆ پێشمەرگە هەڵکەنم !

ژن ، دەستەمۆی کردم .

ژن ، کاغەزی سپی پیٚ پڕ کردمەوە .

ژن ، هەموو چراکانی تری لیٚ خامۆش کردم .

ژن ، لە خوێنمدا بوو بە خرۆکەیەکی دکتاتۆر .

ژن ، وای کرد شەرمەزاری ژوورە ئینفرادیەکانی ،هەیئەی تەحقیقی کەرکووک بم !

ژن ، وای کردکە لە مەوقفێکی پاسدا شەهیدێک ببینم تەریق ببمەوە .

ژن ، لەسەری کردم کە دەبیٚ تەنیا چاوی ئەو قەدەروو نیشتمانم بیٚ .

ژن ، بوو بە یاساو نەمتوانی سەر پێچی بکەم .

ژن ، خستمیە سەر چۆک .

ژن زەلیلی کردم .

ژن ، ترسنۆکی کردم ، ترسنۆک !!!